# پرسیارەکانی دەروونزانی پەروەردەیی

**پ1 : پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە:**

1. ئامادەباشی 2. فێرکردن 3. بیرکردنەوە 4. یاسای کوژاندنەوە 5.**سزادان**

6.فیدباک 7. پاداشتی نێگەتیڤ 8.تیۆری کپکردن 9.دەروونزانی پەروەردەیی 10.فێربوونی چارەسەری کێشەکان

**پ2 : ڕاست و هەڵە دەست نیشان بکە لەمانەی خوارەوە و هەڵەکانیش ڕاست بکەرەوە:**

1. بۆ یەکەمجار چەمکی دەروونزانی پەروەردەیی لەلایەن زانای ئەمریکی ولیەم جیمس بەکارهێنرا.
2. بیری هەستی کۆگایەکی پڕە لە ژمارەیەکی زۆر لە زانیاری کە تاک فێری بووە لە قۆناغەکانی تەمەنیدا.
3. فیربوونی یەکەم جار ڕێگر و بەربەست دەبێت لە بەردەم فیربوونی دووەم جار لە گواستنەوەی نێگەتیڤ.
4. چارەسەرکردنی ترس و دڵەڕاوکێ لە لای منداڵ و گەورە لە ڕێگەی دژە هاوپەیوەست بووونی مەرجایەتی.
5. ئەم جۆرە هاندەرە بەهێزکەری بەردەوام ئامانج لیێ دروستکردنی ڕەفتارێکی تازە بێت لەلای تاک.
6. تایبەتمەندییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بە نەرمی و سەربەست بوون جیادەکرێتەوە.
7. پراکتیزەنەکردنی زانیارییەکانی بەدەست هاتوو هۆکارە بۆ لە بیرچوونەوە لە تیۆری کۆد دانان.
8. لە تیۆری مەرجی کرداریدا لە بڕی سزادان هەوڵی بێبەشکردنی منداڵ لە پاداشت بەکاربێت.
9. وەڵامدانەوەی مەرجی لە ئەنجامی تێکەڵ بوونی ورووژێنەری بێلایەن بە ورووژێنەری سروشتی.
10. کاتێک منداڵ دایکی دەبینێ دەڵێ دایە ،ئەوا جۆرێکە لە جۆرەکانی فێربوونی جیاکاری.

**پ3 : ئەم بۆشاییانەی خوارەوە تەواو بکە:**

1. ئەو ڕەفتارەی کە تاک بەشێوەی ئیرادی بەرامبەر ورووژێنەرە جیاوازەکان دەیاننوێنێ بریتیەلە...............
2. بارێکی ناوەکییە و ڕەفتارێک لای تاک دەروژێنێ ئەو ڕەفتارە ئاراستە دەکا و بەردەوامیەتی دەپارێزێ........
3. سەرنەکەوتنی تاک لە گەڕاندنەوەی زانیارییەکانی یادگەی ماوە درێژ کە پێشتر فێری بووە ......................
4. بیرهاتنەوەی زانیاریەکان بەسێ قۆناغ تێپەڕ دەبێت ئەویش ناسینەوە و......................و......................
5. یەک وەڵامدانەوە بەرامبەر بە کۆمەڵێک ورووژێنەری هاوشێوە بەڵام جیاوازن بریتیەلە .......................
6. بیری کورت خایەن کەوتۆتە نێوان................... بۆ پێشوازیکردن لە زانیارییەکانی یادگەی هەستی.
7. ئەو زانیاریانەی کە مرۆڤ ڕۆژانە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە وەکو زانیاری و خووەکان لە پڕۆسەی ...........
8. تیۆری ثورندایك جەخت دەکاتە سەر گرنگی فێربوون لە ڕێگەی................ بۆچارەسەری گرفتەکان.
9. لەناوبردنی زۆر ڕەفتاری نابەجێی منداڵان لە کاتی نووسین وبیرکاری تووشیان دەبن بەپێی یاسای...........
10. چوون یەکی یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی .............................

**پ4 : لەمانەی خوارەوە بدوێ:**

أ- ئەو گرنگییانە چین کەوا فیدباک هەیەتی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا؟ ڕوونیان بکەرەوە؟

ب- ئەو هۆكارانە چین کەوا کاریگەریان لەسەرچالاکی فێرکردن و فێربووندا هەیە؟ ڕوونیان بکەرەوە؟

ت- بە بۆچوونی سکنەر ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتانە چین کەوا لە تیۆرەکەیدا دیاریکرد؟ڕوونیان بکەرەوە؟

پ- ئەو هۆکارانە چین کەوا کاردەکەنە سەر پڕۆسەی بیرهاتنەوە لە لای مروڤ؟ڕوونیان بکەرەوە؟

**پ5 : وەڵامی ئەمانەی خوارەوە بدەرەوە:**

**أ-** جیاوازی لە نێوان فێرکردن و فێربوون بکە.

**ب-** سوودە پەروەردەییەکانی تیۆری جانیە بنووسە.

**ج -** پێکهاتەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە تەنها بژمێرە.

ت- جیاوازی لە نێوان مەرجی کلاسیکی و مەرجی جێبەجێکردن بکە.

ث- سوودە پەروەردەییەکانی تیۆری ثورندایك بنووسە.

د- جۆرەکانی فێربوون لە تیۆری جانیە دا، تەنها بژمێرە.